# پرۆفیسۆر میرێلله گەڵێتی، دۆستی دێرینی کورد کۆچی ناوادەی کرد.



د. جاسم تۆفیق



پرۆفیسۆر میرێلله گەڵێتی

له ١٩٤٩\٠٢\٢٥ له شاری بۆلۆنیای ئیتالیا له دایک بووه ١، له ٢٠١٢\٩\١٤ له شاری رۆما له ناکاو به ناواده کۆچی دوایکرد، له ١٩٧٤ کۆلێژی علومی سیاسی "بەشی سیاسەتی کۆمەلایەتی" تەواو دەکات، تێزەکەی بەناوی "ستراکتەری سیاسی و بەها کولتوریەکانی کۆمەلگای کوردەواری"ە.

Struttura politica e valori culturali nella società curda.





به پێی زانیاریەکانی لەبەردەستی ئێمەدایە ئەوە یەکەم توێژینەوەی زانکۆیە لەسەر کوردو کوردستان له سەدەی ٢٠ زا له ئیتالیا ئەنجامدرابێت.



گەڵێتی له تەمەنی گەنجێتی ئاشنایەتی دەگەل دۆزی کورد پەیدا کردوە، له سالی ١٩٦٧ لافاوێکی گەورە شاری فلۆرانسای گرتەوە، ئەم شاره خۆی له خۆیدا ئەرشیڤێکی گەورەیە، له هەموو لایەکی ئیتالیا و ئەوروپا دەسته به دەسته کورو کچان دەگەیشتنه شاری فلۆرانسا بۆ رزگارگردن و پاراستنی ملیۆنەها کتێب و دەستنووس و دۆکۆکێنته مێژوویی و بەنرخەکان له فەوتان. لێره، بۆ یەکەمجار خاتو میرێللا ئاشنایەتی لەگەل ئەرشیف و کتێبه کۆنەکان پەیدا دەکات، لەناو قورِ و لیتەی لافا، کتێبەکی دەربارەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکەوێته بەردەست و چەند شتێک لەسەر کوردستان دەخوێنێتەوە.

له زانکۆ بریار دەدات تێزەکەی لەسەر دۆزی کورد بنووسێت، بەبێ سەرچاوەو زانیاری قۆلی لێهەلدەکات، له دوای بەیانی ئازاری ١٩٧٠ لەسەر ئەرکی خۆی سەردانی عێراق دەکات، له بەغدا دەچێته کۆری زانیاری کورد و لەوێ ئاشنایەتی لەگەل سیاسەتوان و ئینتێلێکتوالی کورد پەیدا دەکات و سەردانی سلێمانیش دەکات، به کۆمەله کتێب، گۆڤار و رۆژنامەی کوردی و عەرەبی دەگرێتەوه ئیتالیا، له ١٩٧٢\٧٣ هەندی خوێندکاری خوێن گەرمی کورد دەناسێ لەوانه د. عیسام داود، نەجات تالەبانی، د. شاهین سابیر و د. عیزەت سەیدۆ، ئەم دوانەی دواوه کوردی رۆژاوان و له ١٩٧٠ له ئیتالیا دەژیێن، زۆر یارمەتی دەدەن له وەرگیران بۆ زمانی ئیتالی، د. عیسام به هۆی زانینی کوردی سۆرانی و عەرەبی به بەردەوامی هاواکاری دەکات.

لەم کاتەوه پرۆفیسۆر گەللێتی به بەردەوامی، وەکو پێشمەرگەیەکی ماندو نەناس، هەموو تواناو کەسایەتی خۆی بۆ خزمەتی دۆزی کورد تەرخان دەکات.

زیاد له ١٥ کتێب، ١٥٠ توێژینەوه (بەشی هەره زۆری لەسەر کوردستانه) و سەدان ووتاری جۆربەجۆری لەسەر کوردو کوردستان نووسیووه، له ئیتالیا بەشداری سەدان کۆر و کۆنفۆانس و مێزگردی تەلەفزیۆنی کردووه، سەرپەرشتی دەیان نامه و تێزی ماستەر و دکتۆرای کردوه که لەسەر کوردستان نووسراون.

له زانکۆکانی بۆلۆنیا، ڤینیسیا، تریێستێ، کالیەری ، رۆما و ناپۆلی وانەی "مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی" و "میّژوو و قانونی ئیسلام" گۆتیتەوه. لەم ٨ سالەی دوایدا به بەردەوامی و جێگیر له زانکۆی ناپۆلی بوو که یەکێکه له زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان له بواری رۆژهەلاتناسی.

کارەکانی پرۆفیسۆر گەللێتی، به داخەوه، تاکو ئێستا نەکراونەته کوردی که مایەی گرنگی پێدان و بەرزنرخاندنن، هەموو بواروکانی مێژوو، کەلتور، سیاسەت، داب و نەریت، ئاین، زمان و ئەدەبیات، داستان و چیرۆکی مندالان، یاسای نێودەولەتی و ..... تاد دەگرێتەوه. لەبەر دەولەمەندی ئەدەبیاتی ئیتالی لەسەر کوردستان زێده رۆی نیه ئەگەر بلێتن "تاکو ئێستا کەم توێژەری ئەکادیمی هەیه وەکو میرێلا گەلێتی شارەزایی مێژووی کوردستان بوو بێت و ئەوەنده توێژینەوەی لەسەر کردبێت.

له ماوەی ژیانی زۆربەی هەرزۆری سەرکردە و ئینتلیجێنسیای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ناسیووەو چاوپێکەوتنی دەگەڵ سازداون.



له سالانی ۱۹۷۰ ـ ۱۹۸۰، جگە له هەندێ ووتاری سادەی رۆژنامەکان، ووتارو توێژینەوەکانی گەڵلێتی تاکە سەرچاوە بوون لەسەر کوردستان. هەر لەبەر ئەوەیە هەندێ لە کوردەکانی ئیتالیا دەلێن میرێلا گەڵلێتی، خۆی و نووسینەکانی، بۆ کوردستان و خۆێندکارانی کورد وەک "چرا"یەک بووە.

## نووسین و کارەکانی پرۆفیسۆر گەڵلێتی دەکرێت پۆلین بکرێن بۆ:

- ووتارە رۆژنامەوانیەکان، سالانی ۱۹۷۰ ـ ۱۹۸۰ کە لە رەژنامە و گۆڤارەکانی ئیتالی بلاوکراونەتەوە، بە زمانێکی سادە و رەوان نووسراون تا زۆرترین کەس لێی تێبگات.
- ووتارو توێژینەوە سیاسی و ئەکادیمیەکان، کە بە زۆری لە گۆڤاری "سیاسەتی نێودەولەتی و رۆژهەلاتی نوێ."
Politica Internazionale; Oriente Moderno
بلاوکراونەتەوە و ژمارەی خوێنەرەکانی زۆر کەم بوون.
- کتێب و نامیلکەکانی دوای ۱۹۹۰ و تاکو ئێستا زیاد لە ۱۰ بلاوکراونەتەوە.
- کۆکردنەوەی دەستنووس و نامە و بەلگە مێژووییەکانی (نەخشە جوگرافی و تابلۆ هونەریەکان کە کەم و زۆر باسی کوردستان دەکەن) سەدەکانی رابردوو بە زمانی ئیتالی و لاتینی و دووبارە چاپکردنەوەیان.

بە دلنیایەوە ئەدەبیاتی ئیتالی دەولەمەندترین ئەدەبیاتی ئەورووپیە کە باسی مێژوو و کۆمەلگای کوردستان دەکات، ئەوەتە مارکۆ پۆلۆ(۱۲٥٤ ـ ۱۳۲٤) ، لە کتێبە بەناوبانگەکەی (ملیۆنەک) یەکەم کەسە ووشەی "کوردستان" بەکار دەهێنێت: مەوریتسیۆ گەرسۆنی یەکەم "فەرهەنگ و رێزمانی کورد ـ ئیتالی" لە سالی ۱۷۸۷زا لە رۆما چاپدەکات: گیۆزێپێ کەمپەنیلێ (۱۷٦۱ ـ ۱۸۳٦) لە سالی ۱۸۱۸ کتێبێکی پڕ زانیاری بە ناوی "مێژووی کوردستان و ئاینزاکانی" بلاودەکاتەوە: لە سالی ۱۸٦۳ ئەلێساندرۆ دێبیانکی کتێبێکی، زۆر بە نرخ و پڕ زانیاری "گەشتێک بە ئەرمینیا، کوردستان و لازیستان" بە چاپ دەگەیەنێت.

خاتو میرێلا، لە سالی ۱۹۷۸ توێژینەوەیەکی زۆر نایابی، بە ناوی "کوردو کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیدا: لە سەدەی ۱۳ ـ ۱۹ زا" بلاوکردەوە کە باسی زیاد لە ٤۰ کتێب و دەستنووس و نامە دەکات کە پەیوەندیان بە مێژوو و بەسەرهاتەکانی کوردستان هەیە، لە ۱۹۸۷ وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە سوید چاپکراوە.




یەکێک لە کارە دەگمەنەکان کە تاکو ئێستا مێژوونووس و توێژەرە ئەکادیمیەکان پەیان پێ نەبردوو یان گرنگیان پێ نەداوە بریتیە لە کارە هونەریەکان "تابلۆ و پەیکەر"، میرێلا گەڵلێتی هەولیداوە ئەم کەلێنەش پڕ بکاتەوە، لەم چەند سالەی دواییدا بە دوای ئەم کارە هونەریانە دەگەرا بۆ ئەوەی زانیاریەک یان بەلگەیەک لەسەر مێژوو و شارستانیەتی کوردستان کۆبکاتەوە. لێرەش ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە، تابلۆیەکی زەیتی (۳ مەترو نیو بە ۲ و نیو) بەناوی "داستانی چالدێران" دۆزیەوە. توێژینەوەیەکی درێژی لەسەر کردووە و چاپکردووە. وەک لەم توێژینەوە ئاماژەی بۆکراوە لە دوای "شەری چالدێران"، بە دەست و خامەیەکی رەنگین کراوە، لە بنەوەی تابلۆکە باسی سال و رۆژ و ژمارەی شەرکەرەکانی عوسمانی و سەفەویەکان کراوە. بە درێژی باسی تێزی عوسمانی و سەفەویەکان دەکات سەبارەت بە شەرەکە، بۆ یەکەمجاریش باسی ئەو تابلۆیە دەکات و وێنەکەی بلاودەکاتەوە.

لە هەندێ لە کەنیسەکانی شاری رۆما و شارەکانیتری ئیتالی زۆر تابلۆ و کاری هۆنەری دۆزیوەتەوە کە ئاماژە بە کوردستان و پەیوەندیە بەردەوامەکانی هەردوو لا دەدەن، هەر بۆیە کتێبێکی تایبەتی، لە ۲۰۰٤، بە ناوی "کریستیانەکانی کوردستان" بە چاپگەیاند.

## کەی و چۆن خاتو میرێلا گەڵلێتیم ناسی:

بە پێ زانیاریەکانی دەست ئێمە کورد بە ۳ وەجبە رووی لە ئیتالیا کردووە:
. ئەوانەی پێش هەلگیرسانی شەری عێراق ـ ئێرانی ۱۹۸۰ هاتوون کە ژمارەیان زۆر کەم بوو.
. دوای دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراق، نزیکەی ۳۰۰ کەس بە نیازی خوێندن گەیشتنە ئیتالیا، زۆربەیان هی باشوری کوردستان بوون.
. وەجبەی دوای راپەرینی ۱۹۹۱.

لە نەورۆزی ۱۹۸۲، تازە من سالێک بوو گەیشتبوومە ئیتالیا ئاهەنگی نەورۆز لە شاری تۆرینۆ سازکرابوو، منیش لە شاری پیزا دوو رۆژ پێش نەورۆز گەیشتمە شارەکە، برادەران هەموو شتێکیان ئامادەکردبوو بۆ ئاهەنگی نەورۆز، ئیجازەی هۆلێکی گەورە وەرگیرابوو، تیپی مۆسیق و هەلپەرکێ ئامادەبوون، پاش نیوەرۆی ۱۹۸۲\۳\۲۳ چووین بۆ شوێنی ئاهەنگ پۆلیسێکی زۆر لە شوێنەکە بوون. دوای زانیمان سەفارەتی عێراقی فشاری زۆریکردبوو بۆ رێگەگرتن لە ئاهەنگی نەورۆز، بە گشی هەموو لایەک ورەیان زۆر بەرز بوو وامانەدەزانی "لە شاخەکانی کوردستانین"، ئەم رۆژە بەرێز عومەر شێخ موسی ئەندامی سەرکردایەی ێنک ئامادەبوو و چەند قسەیەشکرد. زۆربەی خوێندکارە کوردەکانی باشور، لە زانکۆ، لە بەشی "تەلارسازی" دەیانخوێند، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتێکنیکۆی شارەکە کە ئاشنایەتی لەگەل دۆزی کورد پەیدا کردبوو و داوەتی ئاهەنگەکەش بوو لەسەر مەسوئلیەتی خۆی، بۆ

ئێوارەکە، هۆلێکی زانکۆی پێداین. د. عیسام داود کەرکوکی کە دەسالێک دەبوو لە ئیتالیا دەژیا حەریف حەفل بوو، زۆر بە حەماس و رقەو قسەی دەکرد، ئافرەتێکی ئیتالی، جلی کورد لەبەردابوو، هێنا سەر سەکۆ و گۆتی "ئەمە میرێللا گەللێتیە، پێشمەرگەیەکی کوردی ماندونەناسی ئیتالیایە .... هتد"، هەموو لایەک دلمانخۆش بوو و بە چەپلەرێزان پێشوازیمان لێکرد. ئەویش کۆمەلە قسەیکرد "بژی کوردستان، ئەی رەقیب" و چەند قسەیەکیتری کرد.

کە گەرامەوە شاری پیزا و لەگەل زانکۆ خەریک بووم و لە ١٩٨٣ بەشداری کۆرو سێمینارمکرد بە زمانی ئیتالی، سەرچاوە زۆر کەم بوو، ئەوکات، بەلای کەمی، رۆژانە تەماشای ٤ ـ ٥ رۆژنامەی ئیتالیم دەکرد، بە تایبەتی لاپەرە هەوالەکانی دەرەوە، زوو زوو گوتاری میرێللا گەللێتیم دەکەوتە بەرچاو و کۆمدەکردنەوە. پاشان لە ١٩٨٥ زۆربەی وتارەکانی گەللێتی لە گۆڤاری "سیاسەتی نێودەولەتی و رۆژهەلاتی نوێ" کۆکردەوە و بە یارمەتی شارەوانی پیزا و نەقابەی کرێکاران بە هەزاراندانەیان بۆ کۆپیکردمەوە.

لە نەورۆزی ١٩٨٧ لە شاری پیزا زنجیرە چالاکیەک دەربارەی کوردستان لە ١٣ تا ١٩٨٧\٣\٢٤، بە یارمەتی هاورێ ئیتالیەکان، ئامادەکرد، تا ٢٠٠٦ تەنها کوردێک بووم لە شاری پیزا. چالاکیەکان بریتیبوون لە:
ـ  پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لەسەر کوردستان.
ـ کۆرێک بە ئامادەبوونی خاتو گەللێتی، د. کەمال فواد و بەندە.
ـ ٣\٢٤ ئاهەنگی مۆسیقاو هەلپەریکێ.

کە تەلیفۆنم بۆ میرێللا کرد و باسی چالاکیەکەم بۆیکرد گۆتی "تۆ بە تەنهای کو ئەو هەموو چالاکیەت ئامادەکردووەو کێ مەسروفەکە دەکێشێ ."!!



لە چەپەوە، د. جاسم تۆفیق خۆشناو، د. تێرێزە لۆنگۆ، پرۆفیسۆر میریللا گەللێتی، د. کەمال فواد و خاتونێک ووتارەکەی د. کەمالی لە ئەلمانی دەکردە ئیتالی، شاری پیزا ـ ئیتاليا ١٩٨٧\٣\٢٤

کە هات دلی زۆر خۆش بوو، بە تایبەتی زۆر لە نووسینەکانی خۆی، وەکو مەلزەمە، دانرابوون، یەکسەر دەستیکردە توێژینەوەکەی " کوردو کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیدا: لە سەدەی ١٣ ـ ١٩ زا" و گۆتی "ئەوەت چۆن و لە کوێ دەست کەوتووە؟"، منیش وەلامم دایەوە و پێم ووت "ئەوە خەریکم بیکەمە کوردی"، لە راستیدا هەموو کارەکەم تەواو کردبوو. داوەتیکردم بۆ مالەکەی لە شاری بۆلۆنیا کە بۆ خۆی پەرتوکخانە و ئەرشیڤێکی گەورە بوو، لیستی ئەو ووتار و توێژینەوانەی پێدام کە ئەنجامیدابوون.

لە ١٩٨٠\١٢\١١ وتارێکی، لە جیاتی ناوی خۆی، بە ناوی "لەیلا قاسم" لە رۆژنامەی "ئەڤانتی" بلاوکردبووەو دامە دەست.

لەم کاتەوە بە بەردەوامی پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبوو، بەیەکەوە بەشداری زۆر کۆرو سێمینارمان کردوە لە شار و زانکۆکانی ئیتالیا،  لە مانگی ٦ی ١٩٩٠ بە رێز فەرەیدون عەبدولقادر، وەکو ئەندامی سەرکردایەتی ینک سەردانی ئیتالیاکرد، من و بەرێز جەبار موستەفا باخەوان (تەلار ساز و مامۆستای زانکۆ) لە نزیکەوە یاوەریمانکرد، لە رۆژانی ٧ و ٨ چووینە مالی پرۆفیسۆر گەللێتی، کاک فەریدون بەم پەرتوکخانە گەورە و دەولەمەندە سەرسام بوو، ئەو ماوەیە زۆر قسە و باسمانکرد.

لە بەیانی ٢٠٠٣\٤\٩، رۆژی کەوتنی رژێمی سەدام  من و میرێللا گەللێتی بەشداری مێزگردیەکی تەلەفزیۆنیمان کرد لە شاری رۆما، لە کەنالی یەکی دەولەتی (لە رایی.).

**ناوی هەندێک لە کتێب و نامیلکەکانی پرۆفیسۆر گەللێتی بە زمانی ئیتالی:**

Curdi e Kurdistan nelle opere italiane dal XIII-XIX secolo، Oriente Moderno، 1978
کوردو کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیدا: لە سەدەی 13 ـ 19 زا.
I Curdi nella storia، CHIETI، Vecchio Faggio، 1990
کوردەکان لە مێژودا.




Fiaba curda: La volpe e la vecchina، Bologna، Campomarzo Editrice، 1992
حیکایەتێکی کوردی: مام رێوی و پیرێژن، چیرۆک بۆ مندالان.



Favole curde، Bologna، Campomarzo ed، 1996

حیکایاتی کوردی، چیرۆک بۆ منداڵان.

Cristiani del Kurdistan، Jouvenence، 2003

فەلەکانی کوردستان.




Storia dei Curdi، Jouvence، 2004

مێژووی کورد.

I Curdi: un popolo transnazionale، Roma، Studi & Saggi، 1999

کوردەکان: میللەتێکی ترانس نەتەوەیی.




Cucina e tradizioni del popolo curdo، Ananke، 2008

خواردن و داب و نەریتی گەلی کورد.




Le relazioni tra Italia e Kurdistan، Roma، 2001

پەیوەندیەکانی نێوان ئیتالیا و کوردستان.

Storia della Siria contemporanea. Popoli، istituzioni e cultura) Bompiani، Milano، 2006

مێژووی سوریای هاوچەرخ.




1990 ،in Oriente Moderno ،Sviluppi del problema curdo negli anni ’80 (prima parte)

**پەرەسەندنەکانی دۆزی کورد لە سالانی** 1980 **(بەشی یەکەم).**

،1992 ،in Oriente Moderno ،Sviluppi del problema curdo negli anni ’80 (seconda parte)

**پەرەسەندنەکانی دۆزی کورد لە سالانی** 1980 **(بەشی دووەم).**

giugno 1994 n. 3. ،in Storia Contemporanea ،La politica italiana verso assiri e curdi (1920-1943)

**سیاسەتی ئیتالیا بەرامبەر بە ئاشوری و کوردەکان لە سالانی** 1920 **.** 1943.

2011 ،Edizionilabrys ،Iraq: il cuore delmondo

**عێراق: دلی جیهانە.**




n. 1 – gennaio ،in inKervan – Rivista Internazionale di studi afroasiatici ،Alle radici del dialogo tra Curdi e Turchi 2005.

**رەگی دیالۆگی نێوان کورد و تورک.**

n. 2 – luglio ،in Kervan – Rivista Internazionale di studi afroasiatici ،Un dipinto della battaglia di Cialderan in Sicilia 2005.

**تابلۆیەکی زەیتی لەسەر شەڕی چالدێران.**

**ئێمە کە بەشێکی زۆر کەممان لە توێژینەوە ئەکادیمیەکانی خاتو گەللێتی لەبەر دەستایە و خوێندۆتەوە شاهیدی دەولەمەندی، مێتۆدی زانستی، پوختەو راستگۆیی بابەتەکان دەدەین، تیشکی رووناکی خستۆتە سەر زۆر لایەنی شاراوەی مێژووی کوردستان. بە هیوای ئەوەی لە ئایندە کەسانی پسپۆر و شارەزا شەن و کەونی ئەم سەرمایە بە نرخانە بکەن و لە فەوتان رزگاریان بکەن.**

**هەوالی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر گەللێی.**

**بەیانی ٢٠١٢\٩\٥ کە گەیشمە ئۆفیسەکەم پۆستی ئەلکترۆنیم کردەوەنامەیەکی گەللێتیم دیت، یەکسەر کردمەوە و "سامگرت"ی بووم، دەلێ "سلاو بەرێزان، من (ئەندریًیە)ی برازای پرۆفیسۆر گەللێتیم، بە دلێکی پر لە ئازار و خەمناکەوە پێتان رادەگەییەنم کە پلکی خۆشەویستمان کۆچی دوای کرد و لە نێومان نەما .".**

**بە رێز ئەندرێیە ژمارەی تەلیفۆن و پۆستی خۆی رەوانەکردبوو، بۆ ماوەیەک ئاگام لە خۆم نەما، کزو مات بووم، دەمودەست پرسەنامەیەکی کورتم رەوانەکرد، و هەوالەکەم بۆ ژمارەیەک هاورێ و دۆستی کورد لە ئیتالیا و دەرەوە رەوانەکرد. ئەندرێیە هەوالەکەی بۆ ٤٠ کەس و لایەن رەوانکردبوو کە ئەدریسەکانیان لای پوری هەبوون، من ناوی چەند کەس و لایەنێکی کوردستانیم ناسی، لەوانە: مەکتەبی حکومەتی هەرێم لە ئیتالیا، سەفیری عێراق لە ئیتالیا(د. سەیوان بارزانی)، کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە ئەمەریکا، ئەنستیتوی کورد لە پاریس، ئەکادیمیای کوردستان لە هەولێر ... هتد.**

**پاشان سەعاتی ٩ بەیانی بە تەلیفۆن پەیوەندیم بە د. عیسام داود و ئەندازیار جەبار موستەفا باخەوان کرد کە هەردووکیان لە نزیکەوە دۆستی پرۆفیسۆر گەللێتین. لە رۆژانی داهاتوو ٣ جار بە تەلیفۆن پەیوەندیم بە بەرێز ئەندرێیە کرد و ووتی رۆژی ٩\٨ مەراسیمی بە خاکسپاردنی لە شاری رۆما دەکەین.**

**میرێللا گەللێتی ژیانی خێزانی پێک نەهێناوە، ئەو تەنها "پەیامێکی" هەبوو ئەویش خزمەتکردنی مێژوو، شارستانی و دۆزی کوردستان بوو. تەنها دوو برازای هەیە بە ناوەکانی "ئەندرێبیە و سێرێنە" کە لە شاری بۆلۆنیا دەژین.**

**رەژی ٩\٨ بۆ بەشداری لە مەراسیمەکە چوومە رۆما، پێشبینیم دەکرد سیاسەتمەدارو روناکبیرانی کورد دەستە بە دەستە ئامادەبن کەچی بە داخەوە یەک کەس ئامادەنەبوو، ٤ سفیری عێراق لە ئیتالیا، ڤاتیکان، فاو و لە کۆمکاری عەرەبی، بە خۆیان و ستافەکەیان ئامادەبوون، بە دلنیایەوە ئەمەش بە هەول و هیمەتی د. سەیوان بارزانی بوو. من دووجار دەرفەتم بووە سەفیری عێراق ببینمو بە کورتی قسەم دەگەل کردوە، خوێندنی زانکۆی لە پاریس تەواو کردووە و نوێنەری پدک بوو، کەسێکی رووخۆش و زیرەک دێتە**

بەرچاو، دۆستی نزیکی پرۆفیسۆر گەللیێتی بوو و زوو زوو سەردانی دەکرد، بە قسەی خۆی ٢ رۆژ پێش مردنی (٩\١١) سەردانی ماڵەکەی کردبوو و ماوەی ٣ سەعات لای بوو و هەندێ وێنەشی گرتووە، وا هەست دەکرێت د. سەیوان بارزانی ئاخیر کەس بووە گەللیێتی بینیووەو قسەی لەگەڵ کردووە. قەدەر وابوو ئەجەل هاتووەو بە ناوادە دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتووە. ئەندرێیەی برازای رۆژانی ٢ و ٣ تەلیفۆن دەکات و وەلام نیە، مەسیج و ئیمەیل دەنێرێ بۆ پلکی و وەلامی نیە، بە ناچاری پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە و ئەو راستیە تالەیان بۆ ئاشکرا دەبێت.



مەراسیمی بە خاکسپاردنی پرۆفیسۆر میرێللا گەللیێتی، سەفیری عێراق لە ئیتالیا،
د. سەیوان بارزانی ناوی لە دەفتەری پرسەنامە تۆمار دەکات.



تەرمی خوا لێیخۆشبێت پرۆفیسور میرێللا گەللیێتی.



تەرمی خوا لێیخۆشبێت پرۆفیسور میرێللا گەللیێتی.

مەراسیمی بە خاکسپاردنی پرۆفیسۆر میرێللا گەللیێتی لە شاری رۆما، لە ٢٠١٢\٩\٨ لە کەنیسەی:
Roma. ٥١Basilica dei SS. XII Apostoli in Piazza dei Santi Apostoli,

بە پێی بەڵگە پزیشکیەکان، لە دەمی ئەندرێیەی برازای، دەبێت ٩\٢ دڵی وەستابێت و ئەمری خودایی کردووە، بە فەرمی رۆژی مردنی ٩\٤.

لە کوردەکانی ئیتالیا کە ئامادەی مەراسیمەکە بوون:

د. عیزەت سەیدۆ، د. شاهین سابیر (شێرۆ)، زیاد لە ٤٠ ساڵ دەبێت میرێللا دەناسن، د. عیسام داود، ٤٠ ساڵە یەکتر دەناسن و لەیەک شار (بۆلۆنیا) بوون، نەجات تالەبانی، سۆران یاسین و هێڤی دێلارا.



لەبەر دەرگای ئەو کەنیسەیەی مەراسیمی ماڵئاوایی پرۆفیسۆر گەللێتیلێئەنجامدرا، لە راستەوە:

د. جاسم تۆفیق خۆشناو، د. عیسام داود، د. سەیوان بارزانی، نەجات تالەبانی، هێڤی دێلارا، د. شاهین سابیر (شێرۆ)، سۆران یاسین، دیار سەعید، د. عیزەت سەیدۆ.

خاتو میرێللا لە کاتێکی زۆر دژوار و ناسک خەمی کوردی خستە سەر شان، زەماوەندی ئەبەدی لەگەڵ دۆزە رەواکەی کرد، زۆر بە ویژدان، راستگۆیی و دلسۆزی خزمەتیکرد. زۆرجار کەوتبووە ژێر فشار و هەرەشەو مەترسی، ئێمە ئاگادار و دلنیایین کە زۆرجار، لە لایەن دەولەتانی داگیر کەری کوردستان، هەولدراوە بە پارەو پول و پۆستی ئەکادیمی پرۆفیسۆر گەللێتی بێدەنگ بکرێت و رێرەوی توێژینەوەکانی پێ بگۆڕن بەلام ئەو وەک چیا سەرکەشەکانی کوردستان سەری بەرز و پڕ لە شکۆی دانەنواند و تا دوا هەناسەرووی لە خەون، خەم و پەیامی گەلی کوردسان وەرنەگێڕا. مەخابن  لە رۆژی مەراسیمی بە خاک سپاردنی نوێنەری هیچ حیزب و دامەزراوەی کوردستانی ئامادە نەبوو، تاکو ئێستاش میدیای کوردستانی بە دوو وشەش باسیان نەکردووە.

میرێللا گەللێتی کەلێنێکی گەورە لە مێژوو، ئەدەبیات و توێژینەوەی ئەکادیمی بەجێدێلێت کە بە زەحمەتی پڕ دەکرێتەوە، پە پێویستی دەزانم بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەو کەڵە ژنە، ئەو پێشمەرگە ماندوو نەناسەی کوردستان چەند پێشنیارێک بخەمە بەردەستی دامەزراوە فەرمیەکانی کوردستان: حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری و خوێندنی بالای هەرێم و ئەکادیمیای کوردسان.

١ . کڕینی خانوەکەی پرۆفیسور گەللێتی لە شاری رۆما، بە رەزامەندی و راوێژی واریسەکانی، کردنەوەی "سەنتەری کولتوری کوردستان . میرێللا گەللێتی". دەبێتە پێگەیەکی مەعنەوی و کولتوری بۆ کوردستان و دەبێتە هۆی پاراستنی ئەرشیڤەکە بۆ نەوەی نویٚ و ئایندە.
٢ . کردنەوەی هەمان سەنتەر لە هەرێمی کوردستان، کۆپیکردنی (کاغەز و دیجتال) هەموو ئەرشیڤەکەی ئیتالیا و بردنی بۆ کوردستان بە مەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی. هەولدان بۆ وەرگێڕانی کارەکانی میرێللا گەللێتی لە زمانی ئیتالی بۆ سەر زمانی کوردی و زمانەکانیتر.
٣ . ناونانی قوتابخانەیەک لە شارەکانی کوردستان بەناوی "میرێللا گەللێتی."
٤ . دانانی خەلاتی "میرێللا گەللێتی" بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر مێژوو و شارستانیەتی کوردستان.
٥ . چاندنی نەمام و درەخت بە ناوی میرێللا گەللێتی لە پارک و باخەکانی کوردستان.
٦ . سازکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ ناساندنی میرێللا گەللێتی و کارەکانی بە نەوەی نویٚ، چاوپێکەوتن دەگەل ئەو کەسانەی لە نزیکەوە میرێللا گەللێتیان ناسیووە، چ لە ئیتالیا و چ لە دەرەوەی ئیتالیا.

---

١- لە شارۆچکەی ئەنزولا دیلا ئي میلیا (Anzola dell’Emilia) لە دایک بووە.

٢٠١٢\٩\١١ - پیزە / ئیتالیا